پژوهشنامه ادبیات کردی
بهار و تابستان ۱۴۰۲
سال ۹، شماره ۱، پیاپی ۱۵

Journal of Kurdish Literature
Spring and Summer 2023
Vol. IX, No. 1, Series 15

# ژیان و بەرهەمی مەلا عیسا جوانڕۆیی لە ئاوێنەی دەستنووسەکاندا

تارق یارەحمەدی[۱]

نوع مقاله: پژوهشی
تاریخ دریافت: ۲۹ بهمن ۱۴۰۱؛ تاریخ پذیرش: ۰۷ تیر ۱۴۰۲؛ صص. ۱۴۱-۱۵۷
**DOI:** https://doi.org/10.22034/jokl.2023.62773

## کورتە

مێژووی ئەدەبی کوردی پڕە لە ناوی شاعیران و نووسەرانێک کە لە سەردەمی ژیانی خۆیاندا پێگەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی بەرزیان هەبووە، بەڵام لە ئێستادا تەنها زانیاریی کەم لە سەر ژیان و بەرهەمەکانیان لەبەردەستدایە. یەکێک لە ڕێگاکانی ئاگاداربوونەوە لە ژیان و بەرهەمی زانایانی ڕابردوو، لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانیان بەتایبەتی دەستنووسەکانی ئەوانە، لەبەر ئەوەی ئەم دەستنووسانە هەموو کات لەگەڵیان بووە، بەردەوام تێبینییان لە پەڕاوێزیاندا نووسیوە. شەنوکەو کردنی ئەو پەڕاوێزانە کە زانیاری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێ، یارمەتیدەرە لە ناسینی لایەنە شاراوەکانی ژیانی زانایانی ڕابردوو. مەلا عیسای جوانڕۆیی یەکێکە لەو زانا و شاعیرە کوردانەی، کە زانیارییەکی هەرەکەم لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی بەردەستە. لەم وتارەدا، بە میتۆدی وەسفیی - شیکاری، شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری بەڵگەنامەیی-کتێبخانەیی و بە کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەی دەستنووس، لایەنە بەدەرنەخراوەکانی ژیان و بەرهەمی ئەم کەسایەتییە دەخەینەڕوو. ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە مەلا عیسا لە بنەماڵەی زانستی سدیقی کڵاشی بووە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی دوازدە لەدایک بووە و لە ساڵی ١٣٦٧ کۆچی دوایی کردووە. جگە لە وانەوتنەوە، توانایەکی باشی لە هۆنینەوەی شیعر هەبووە. لەم توێژینەوەدا وێڕای ناساندنی چەن دەستنووسێک کە بە خەتی مەلا عیسا نووسراون، هەروەها دەرخستنی چەن شیعرێکی تازە دۆزراوەی ئەم زانایەکە بە زمانی فارسی و کوردی نووسراون، باس لە هەندێک لایەنی ژیانی، لەوانە ڕەچەڵەکی، کاتی لەدایکبوون وکۆچی دوایی و تایبەتمەندییە کەسییەکانی دەکەین.

**وشەگەلی سەرەکی:** زانایانی کورد؛ زانایانی جوانڕۆ؛ بنەماڵەی سدیقی؛ مەلا عیسا جوانڕۆیی؛ مەلا عیساکڵاشی.

## چکیده

تاریخ ادبیات کردی مملو از نام شاعران و نویسندگانی است که در دوره حیات خویش دارای جایگاه علمی و اجتماعی والایی بوده اند، اما در حال حاضر اطلاعات اندکی از زندگی و آثار آنان در دست است. یکی از راه‌های آشنایی با زندگی و آثار دانشمندان گذشته، مطالعه آثار آنان، بەویژه نسخه‌های خطی آنهاست. چرا که در طول زندگی خویش این نسخه‌ها همراه آنها بوده و اطلاعات گرانبهایی در زمینه های مختلف در حاشیه آن می نگاشته‌اند. بررسی حواشی مکتوب در این نسخه‌های خطی، به شناسایی جنبه های مستور زندگی علمای گذشته کمک می‌کند. ملا عیسی جوانرودی یکی از علما و شاعران کُردزبان است که اطلاعات بسیار اندکی از زندگی و آثار او در دسترس است. ما در این پژوهش برآنیم با روش‌های توصیفی- تحلیلی، روش گردآوری اطلاعات اَسنادی- کتابخانه‌ای، با استفاده از منابع نسخه‌های خطی، جنبه‌های بیشتری از زندگی و آثار این شخصیت را به تصویر بکشیم. پاره‌ای از نتایج حاکی از آن است که ملا عیسی از خاندان علمای صدیقی کلاشی بوده که در اواخر قرن دوازدهم به دنیا آمده و در سال ۱۳۶۷ هجری قمری وفات نموده است. علاوه بر تدریس، در سرودن شعر نیز تبحر داشته است. در این پژوهش به معرفی چند نسخه خطی مکتوب به خط ملاعیسی و همچنین نمونه های از اشعار فارسی و کردی نویافته از ایشان می پردازیم.

**واژگان کلیدی:** علمای کُرد؛ علمای جوانرود؛ خاندان صدیقی؛ ملا عیسی جوانرودی؛ ملا عیسی کلاشی.

## ١- پێشەکی

یەکەم جار بابا مەردۆخی ڕۆحانی لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی *مێژووی ناودارانی کورد* باسی مەلا عیسا جوانڕۆیی کردووە. ئەوەندەی من بزانم هەموو ئەوانەی پاش بابامەردۆخ لەسەر مەلا عیسا نووسیویانە ئاماژەیان بە کتێبەکەی بابا مەردۆخ کردووە و هەمان زانیاریی ئەویان دووپات کردووەتەوە. بۆ نموونە محەمەدعەلی سوڵتانی لە بەرگی دووەمی کتێبی حەدیقەی سوڵتانی هەمان وتەی دووپات کردوەتەوە (سلطانی: ١٤١:١٣٦٩). دواتر لە کتێبی *تاریخ تسنن در کرمانشاه*، مەلا عیسای بە بنەماڵەی سدیقی زانیوە و لەمە زیاتر شتێکی نوێی لەسەر مەلا عیسا لەم کتێبەدا باس نەکردووە (سلطانی ٢٣٥:٢٠٠١). محەمەد حسەینزادە لە کتێبی *تاریخچه جوانرود*، پاش دووپاتکردنەوەی زانیارییەکانی بابامەردۆخ، تەنیا ئەم دێڕەی زیاکردووە کە چەند

١. ماستەری فێرکاریی زمانی عەرەبی، زانکۆی تەربیەت مودەڕس، تاران، ئێران
targh.yarahmadi@gmail.com

بەڵگەیەکی بڕواپێکراو لە کتێبخانەی سەیید باقر هاشمی هەیە کە مۆری مەلا عیسای بەسەرەوەیە (حسین زادە: ١٠٦:١٣٧٧)، سەیر لەوەدایە کە خودی مامۆستا سەیید باقر دواتر لە وتارێکی خۆیدا کە لە کتێبی *جوانرود در گذر تاریخ* چاپ و بڵاوکراوەتەوە، جگە لە زانیارییەکانی بابامەردۆخ ئاماژەی بە هیچ زانیارییەکی نوێ نەکردووە (میراحمدی ١١٨:١٣٨٩).

ئەوەی لە کتێبەکەی بابامەردۆخ لەسەر مەلا عیسا نووسراوە زۆر کورت و لە هەمان کاتدا زۆر بەبایەخە، و بوو بە سەرەداوێک کە پاش تێپەڕبوونی دەیان ساڵ لە نووسینی ئەو کتێبە، دەست بکەم بە گەڕان بەدوای زانیاری زیاتر لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مەلا عیسادا. بابا مەردۆخ لە کتێبەکەیدا بەم شێوەیە مەلا عیسای ناساندووە «مامۆستایەکی زانا و قسەزان و شاعیرێکی دم پاراو و گفت ڕەوان بووە کە لە نیوەی چەرخی سێدەدا لە دنیا چووە. مەولەوی تاوگۆزی شاعیری بە ناو بانگی کورد، ماوەیەک بەلایەوە خوێندوویە و دواییش پێکەوە ئامشۆ و شیعر گۆڕینەوەیان هەبووە (ڕۆحانی ٣٣٣:١٣٨٩).

ئەم توێژینەوە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە. تەوەری یەکەم سەبارەت بە ژیانی مەلا عیسایە، کە تێیدا بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی کە لە دەستنووسەکاندا هاتووە، زانیاری لەسەر ساڵی لەدایکبوون و مردن، ڕەچەڵەک، شوێنی خوێندن و فێرکردن و لایەنەکانی دیکەی ژیانی مەلا عیسا بە خوێنەر دەدرێ.

تەوەری دووەم بەرهەمەکانی مەلا عیسا لەخۆدەگرێت، ئەم تەوەرەش بۆخۆی لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت. لە بەشی یەکەم باس لەو دەستنووسانە دەکرێ کە بە خەتی مەلا عیسا نووسراون و ڕوونکردنەوەیەکی ورد لەم بارەیەوە دەدرێت. لە بەشی دووەم، کە کۆتا بەشی ئەم وتارەیە، کۆمەڵێک شیعری تازە دەرخراوی مەلا عیسا بۆ یەکەم جار دەخرێتەڕوو. زۆربەی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە مەلا عیسا لە کۆمەڵە دەستنووسێکدایە کە لە چوار دەستنووس پێک دێت و لە کتێبخانەی ناوەندی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی لە تاران بە ژمارە ١٣٤٦دەپارێزرێ و زانیارییەکانی تریش لە دەستنووسی ژمارە ١٦٧٨ ی کتێبخانەی عەللامە تەباتەبایی لە شیرازدایە. ئەم دەستنووسانە وەک سەرچاوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەن، هەر بۆیە لەمە بەدواوە لە هەر شوێنێک بمەوێت ئاماژە بەم دوو بەرهەمە بکەم تەنها ئاماژە بە ژمارەکانیان دەکەم بۆ نموونە دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦. لە چەند دەستنووسێکی تریش کەڵک وەرگیراوە کە ئەوانە ناویان دەهێنرێت. لە بەشی بەرهەمەکاندا ڕوونکردنەوەیەکی ورد لەسەر ئەم دەستنووسانە پێشکەش دەکرێ. ئێستا بەشی یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەسەر ژیانی مەلا عیسایە دەخەینەڕوو.

## ٢- ژیانی مەلا عیسا

### ٢-١- ساڵی لە دایکبوون و کۆچی دوایی مەلا عیسا

هیچ زانیارییەک لەسەر ساڵی لەدایکبوونی مەلا عیسا بەردەست نییە، بەڵام سەبارەت بە کۆچی دوایی ئەم زانایە، لە لاپەڕەی کۆتایی دەستنووسی ژمارە ١٦٧٨ کە مەلا عیسا نووسخەی لێ هەڵگرتووە - زانیاری زیاتر لە سەر ئەم دەستنووسە دواتر لە بەشی بەرهەمەکان دەخەینەڕوو- ساڵی کۆچی دوایی مەلا عیسا هاتووە. وا دیارە ئەو دەستنووسە لە کاتی کۆچی دوایی مەلا عیسادا لەبەردەستی مەلا مووسای برایدا بووبێت و خۆشبەختانە باسی ساڵ و مانگ و ڕۆژی وەفاتی مەلا عیسای کردووە. دەقی نووسراوەکەی مەلا مووسا بەم شێوەیە:

در روز شنبه بیست و یکم اختیارات اول زمستان در یازده اول محرم مات ودخل الجنة نور بصري وقرة عيني وقوة ركبتي وظهري أخي للملا عيسى في سنة ١٢٦٧، سبع وستين ومأتين وألف. نور الله تعالي مرقده. وأنا الداعي الفاني موسى بن عبدالله

کورتەکەی دەکاتە ئەمە "ڕۆژی شەممە یازدەی مانگی موحەڕەم، کۆچی دوایی کرد و چووە بەهەشت، ڕووناکی بینایی، هێزی چاو، هێزی ئەژنۆ و پشتم مەلا عیسای برام لە ساڵی ١٢٦٧.

کەواتە بە پێی ئەم بەڵگەیە بە ڕوونی دەتوانین یازدەی مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٢٦٧ کۆچی بەرامبەر بە ١٦ ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٥٠ ی زاینی وەک بەرواری وەفاتی مەلا عیسا دەستنیشان بکەین. لە لایەکی دیکەوە کۆنترین دەستنووس کە بە خەتی مەلا عیسا و لە سەردەمی فەقێیەتیدا نووسراوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢١٧، ئەم دەستنووسە لە کتێبخانەی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی لە تاران دەپارێزرێ. مەودای نێوان ساڵی کۆنترین دەستنووسی مەلا عیسا

لەگەڵ ساڵی وەفاتی دەکاتە ۵۰ ساڵ. بۆیە دەکرێت مێژووی لەدایکبوونی مەلا عیسا، کۆتاییەکانی سەدەی دوازدە و سەرەتای سەدەی سێزدەی کۆچی بخەملێندرێت.

## ۲-۲- بنەماڵە و ڕەچەڵەکی مەلا عیسا:

لە زۆرێک لەو دەستنووسانەی کە مەلا عیسا نووسیویەتی، بە ڕوونی باس لەوە دەکات کە کوڕی مەلا عەبدوڵڵای کلاشی و سەر بە بنەماڵەی سدیقییە. نەسەبی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە سەر حەزرەتی ئەبوبەکری سدیق و بە یەکێک لە بنەماڵە زانستییە گەورەکانی کوردستان دادەنرێت.

لە دەستنووسی "الوضوح في شرح المحرر" کە مەلا عیسا نوسیویەتی و ئێستا لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی بە ژمارەی ٦٥/٧ت/٣١٧٢ هەڵگیراوە، لە کۆتایی دەستنووسەکەدا، لەم بارەیەوە تا شەش پشتی خۆی بە شێوەی خوارەوە نووسیوە:

"قد وقع الفراغ من تحرير ... على يد الحقير الفقير المحتاج إلى رحمة الله تعالى عيسي بن ملا عبدالله بن ملا محمد صالح بن ملا مصطفي بن ملا حسين بن ملا موسى بن ملا نصرالله للنسوب إلى أبى بكر الصديق رضى الله تعالى عنه وعنهم بشرفه"

جگە لەوەش لە دەستنووسەکانی دیکەیدا ئاماژە بەم بابەتە دەکات و بە ڕوونی خۆی بە کوڕی مەلا عەبدوڵڵا و سەر بە بنەماڵەی سدیقی دەزانێت، لەوانەش لە کۆتایی دەستنووسێکدا کە لە کتێبخانەی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامیدا بە ژمارە ١٣٤٦/٣ هەڵگیراوە وای نووسیووە:

تمت الرسالة للنسوبة إلى مولانا عصام الدين الواقعة على رسالة البلخي قاضي عضدالدين بعون الملک للعين على يد أقل الطالبين وأذنب للذنبين عيسى بن مولانا عبدالله بن مولانا محمدصالح بن مولانا مصطفى للنسوب إلى ابى بكر رضي الله عنه.

لە دووتوێی دەستنووسەکانیدا دەیان جار لە پەراوێزی نووسراوەکاندا، ناوی خۆی بە عیسا عاسی و عیسا کلاشی تۆمار کردووە.

کەواتە بە پشتبەستن بەم بەڵگانەی سەرەوە دەتوانین بەم شێوەیە مەلا عیسا بناسێنین

**مەلا عیسا کوڕی مەلا عەبدوڵڵا، کۆڕی مەلا محەمەدساڵح، کوڕی مەلا مستەفا، کوڕی مەلاحسەین، کۆڕی مەلا مووسا کۆڕی مەلا نەسروڵڵا.**

شایەنی باسە بۆ زیاتر سەلماندنی ئەوەی کە ئەم بنەماڵەیە هەمان بنەماڵەی مەلایی یان سدیقی کلاشین، جگە لەو بەڵگانەی سەرەوە دەتوانین ئاماژە بە دەستنووسێکی کتێبی رحمة الأمة في اختلاف الأئمة ی سەفەدی بکەین کە لەلایەن مەلا مووسای برای مەلا عیساوە نووسراوە و لە ئێستادا لە کتێبخانەی ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئیسلامی بە ژمارە ٧٥٥ دەپارێزرێ. مەلا مووسا [i] لە کۆتایی دەستنووسی ناوبراودا ئاماژە بەوە دەدات کە لە بنەماڵەی سدیقی کلاشین. ئەوەی وا لەم دەستنووسە نووسراوە ئەمەیە:

قد وافق الفراغ من تعليق هذه النسخة الشريفة للباركة في ضحوة يوم السبت إحدى وعشرين من سيد الشهور للسمى برمضان للبارك من شهور سنه ستين و مأتين بعد الألف من الهجرة النبوية للمصطفوية على صاحبه أفضل الصلاه وأتم السلام وأزكى التحية على يد الحقير الفقير العاصي المحتاج إلى مغفرة ربي ربه الغفير، موسى ابن عبدالله ابن محمد صالح ابن مصطفى الكلاشي بالوطن، و الأبوبكري بالنسبة من حوال قرية مسماة ب زلان من محال جوانرود.

## ۲-۳- خوێندنی مەلا عیسا

سەبارەت بە قۆناغەکانی خوێندنی مەلا عیسا، ئەوەی لە ناوەڕۆکی دەستنووسەکانییەوە دەردەکەوێت ئەوەیە کە سەرەتا بنەماکانی پەروەردەی ئایینی لە لای مەلا عەبدوڵڵای باوکی فێربووە. دواتر وەک فەقێکانی تری ئەو سەردەمە بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە شوێنە زانستییەکانی تر. لە پەراوێزی دەستنووسەکاندا، بە تایبەت ئەو دەستنووسانەی کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢١٧ی ک.م، باس لە دوو شوێن دەکات کە تێیدا ژیاوە و دەرسی خوێندووە. ئەم دوو شوێنەش بریتین لە سلێمانی و سنە. هەروەها لە کۆتایی دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦/٥ ئەمەی خوارەوەی نووسیوە:

تمّت الرّسالة ... على يد أقلِ الفقهاء عيسى في مدرسة شيخ عبدالله في سنجق البجه في محال شهرزور

بە پێی ئەم بەڵگەیە دەتوانین بڵێین کە مەلا عیسا لە مەدرەسەی شێخ عەبدوڵڵا (خەرپانی) لە هەڵەبجە خوێندوویەتی. مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس لە کتێبی *بنەماڵەی زانیاران* باس لەوە دەکات کە شێخ عەبدوڵڵا خەرپانی [ii]زستانان لە هەڵەبجە دانیشتووە، لەوێش دەرسی وتووەتەوە (مودەڕیس ١٣٨٩:١٤٥). ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە مەلا عیسا لە مەدرەسەی شێخ عەبدوڵڵا خەرپانی لە هەڵەبجە خوێندوویەتی. هەر بۆیە دەتوانین بڵێین سەرەتا لە شاری جوانڕۆ و لە لای باوکیدا خوێندوویەتی و دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن چووتە سلێمانی و سنە و هەڵەبجە.

ئەوەی ڕوونە، دوای تەواوکردنی خوێندن، گەڕاوەتەوە بۆ جوانڕۆ و لە مزگەوتی هەڵانی سەرقاڵی وانەوتنەوە و دەرسدان بووە. لەوانەیە کە مەولەویش هەر لەو مزگەوتە لای مەلا عیسا خوێندبێتی، چونکە بە پێ سەرەتای دیوانەکەی، مەولەوی لە هەمان شوێن لای مەلا محەمەد قازی [iii]خوێندوویەتی (مەولەوی تاوگۆزی ١٣٨٦:١١).

کەواتە دەتوانین بڵێێن کە مەلا عیسا پاش تەواوکردنی خوێندن گەڕاوەتەوە بۆ جوانڕۆ و هەر لەوێ ماوەتەوە. بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە دەتوانین پشت ببەستین بەم بەڵگانەی خوارەوە:

١- بەپێی ئەوەی کە لە لاپەڕەی ٣٧ ی دەستنووسی ژمارە ١٦٧٨ کە ساڵی ١٢٣٧ بە خەتی مەلا عیسا نووسراوە، لە پەڕاوێزدا نووسیوویەتی "عیسى حين التدريس في مسجد العلانية من جوانرود" واتە لە کاتی وانەوتنەوە لە مزگەوتی عەلانیەی جوانڕۆ.[iv]

٢- لە لاپەڕەی ٨٤ ی هەمان دەستنووس هاتووە کە "مقابله شد با نور چشمی ملا نسیم در میینگه چمه نسار زلان" ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەلا عیسا لە مێینگە [v]لای گوندی چەمەنزار و زلانی جوانڕۆ بووە.

٣- وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، مەولەوی لە جوانڕۆ لە لای مەلا عیسا خوێندوویەتی، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین کە مەلا عیسا پاش تەواوکردنی مەلایەتی گەڕاوەتەوە بۆ جوانڕۆ و وەک مامۆستا لە مزگەوتی عەلانیە خەریکی دەرسدان بە فەقێکان بووە.

## ٢-٤- تایبەتمەندییە کەسییەکانی مەلا عیسا

### ٢-٤-١- زۆر وردبین بووە

لەو دەستنووسانەی کە مەلا عیسا نووسیویەتی، بە ڕوونی دەردەکەوێت کە زۆر وردبین بووە، و تەنیا بە بینینی بابەتێک قبووڵی نەکردووە، بەڵکو لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە و بۆچوونی خۆی نووسیوە. یان نووسیویەتی من وام خوێندووەتەوە و لە ڕاست یان هەڵە بوونی ئاگادار نیم. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٢٤ی دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦دا نووسیویەتی "قابَلتُهُ مَعَ للنقول منه، لكن لم يكن مصححاًو معتمداً".

یان لە لاپەڕەی ٨ ی هەمان دەستنووسدا، لە دوو شوێن بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بابەتێکی لۆژیک نووسیوە، لە کۆتایی یەکێکیاندا نووسیویەتی "صححته بعقلي" واتە بە عەقڵی خۆم ڕاستم کردەوە. لە کۆتایی دووەمەکەیدا وای نووسیوە "هكذا خطر ببالي" واتە وام بە مێشکدا هات. لە شوێنێکی تردا نووسیویەتی "نقلته عن كتب والله أعلم هكذا أم لا" واتە لە کتێبەکان گێڕاومەتەوە، خودا دەزانی، ئایا وابێت یان نا".

### ٢-٤-٢- خولیای خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە بووە

بە ئاوڕدانەوە لەو دەستنووسانەی کە مەلا عیسا نووسیویەتی، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زۆر حەزی لە خوێندنەوەی کتێب بووە و لە پەڕاوێزی ئەو دەستنووسانەدا باسی کتێبی جۆراوجۆر دەکات. بۆ نموونە تەنیا لە یەک لاپەڕەدا، هەندێ وتەی لە زەمەخشەری، ئیبنی خەلەکان و دیمیەری دەنووسێتەوە. تەنانەت لە هەندێک کاتدا لە ڕوونکردنەوەی مانای وشەیەک، لە فەرهەنگانێکی جیاواز کەڵکی وەرگرتووە و ماناکانی نووسیوە. هەروەها ڕێژەی زۆری ئەو شیعرانەی کە لە پەڕاوێزی دەستنووسەکانیدا هاتووە، ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ کە مەلا عیسا بەردەوام کتێب و دیوانی شیعری شاعیرانی خوێندووەتەوە.

### ٢-٤-٣- پابەند بوو بە ئەرکە ئاینییەکان

مەلا عیسا زۆر پابەند بووە بە جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینییەکانی وەک نوێژ. تا ڕادەیەک کە تەنیا ڕۆژێک بەهۆی برینێکەوە نوێژەکانی دەفەوتێت، ئەوەن بە لایەوە گرنگ بووە کە لە لاپەڕەی ٧٠ی دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦دا ئاماژەی بەم بابەتە کردووە و نووسیویەتی "دوشنبه بیست و نهم به سبب زخم ترک نماز کردم". واتە ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی مانگ بەهۆی برینەوە نوێژم تەرک کرد". ئەمەش پابەندبوونی ئەم گەورە زانایە بە ئەرکە ئایینییەکانەوە دەردەخات.

### ٢-٤-٤- خۆشەویستی بۆ زێدی خۆی

لە پەراوێزی ئەو دەستنووسانەی کە مەلا عیسا نووسیویەتی، ئەو کاتانەی کە لە سلێمانی و سنە بوو، چەند جارێک گلەیی لە دووری و غەریبی کردووە و بە نووسانەوەی شیعری پەیوەندیدار بە غەریبییەوە، پەردەی لە هەست و ناخی ناوەوەی خۆی لاداوە. بۆ نموونە لە دەستنووسەکەی ژمارە ١٣٤٦ دا لە لاپەڕەی ٢٠ ئەم شیعرەی نووسیوە:

ای وطن گرچه مرا حادثه کرد از تو جدا          دل آنان که تویی مسکنشان آباد بادا

واتە: ئەی نیشتمان هەرچەندە ڕووداوێک منی لە تۆ جیاکردەوە، دڵی ئەو کەسانەی کە تۆی شوێنی نیشتەجێبوونیان شاد بێت.

یان لە شوێنێکی تردا ئەم شیعرەی خوارەوەی هێناوە

در غربتی اگر کسی بماند ماهی          گر کوه بود ازو بماند کاهی
گر ملک سلیمان به غریبان بخشند          چون یاد وطن کند برآرد آهی

واتە: ئەگەر کەسێک مانگێک لە غەریبی بمێنێتەوە، ئەگەر شاخیش بێت لە ئەو کایەک دەمێنێتەوە
ئەگەر مڵکی (حەزرەتی) سلێمان بە غەریب بە دیاری بدەن، کاتێک زێدی خۆی بیر دێتەوە، ئاهێک هەڵدەکێشێت
هێشتا بۆم ڕوون نەبووەتەوە کە ئەم دوو شیعرە، شیعری کێیە، بەڵام بە خەتی مەلا عیسا نووسراوە.

## ٣- بەرهەمەکانی مەلا عیسا

### ٣-١- دەستنووسەکانی مەلا عیسا

سەبارەت بە بەرهەمەکانی مەلا عیسا، بەداخەوە بەرهەمێک کە دانەرەکەی مەلا عیسا بێت بوونی نییە، یان باشترە بڵێین تا ئێستا هیچ بەرهەمێکی دانراوی ئەم کەسایەتییە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر خۆشبەختانە توانیم کۆمەڵێک دەستنووس لە کتێبخانەکانی تاران و شیراز و سلێمانی بدۆزمەوە کە لە لایەن مەلا عیساوە نووسخەیان بۆ هەڵگیراوە واتە مەلا عیسا وەک ناسیخ و کاتب ڕۆڵی تێیاندا بینیوە. ئەوەی وایکرد لێرەدا ئاماژە بەو دەستنووسانە بکەم ئەوەیە کە زانیاری بەسوود لە پەراوێز و دەقی هەندێ لەو دەستنووسانەدا دەست دەکەوێت کە زۆر زۆر گرنگن. لە خوارەوە یەک بە یەک ئەو دەستنووسانەی کە بە خەتی مەلا عیسا نووسراوون دەخرێنەڕوو و لەسەر هەریەکەیان ڕوونکردنەوە دەدرێ.

### ٣-١-١- کۆمەڵێک دەستنووس (پێنج دەستنووس)

ئەم کۆمەڵە دەستنووسە کە لە کتێبخانەی ناوەندی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی لە شاری تاران بە ژمارە ١٣٤٦ دەپارێزرێ پێکهاتووە لە شەش نامیلکە، بە زمانی عەرەبی و هەمووی لە زانستی لۆژیکدایە. پێنج دەستنووس لەو شەش دەستنووسە بە خەتی مەلا عیسا نووسراون و ئەو تاکە ڕیسالەیە کە ماوە، بەخەتی کەسێکە بە ناوی ئەحمەد بن محەمەد بن یوسف کە بە کلانیتی بە ناوبانگ بووە. هەرچەندە وشەی (کلانیتی) لە دەستنووسەکەدا زۆر بە ڕوونی ناخوێنرێتەوە، بەڵام دوور نییە ئەم وشەیەش هەمان کڵاشی بێت، شێوازی وشەکە لە کڵاشی دەچێ و مەلا عیساش کڵاشیە. لە لایەکی ترەوە کلانیتی ناوی شوێن نییە و لە زمانی کوردی و فارسی و عەرەبیدا هیچ مانایەکم بۆ نەدۆزییەوە.

ئەو چوار دەستنووسەی مەلا عیسا هەموویان لە ساڵی ١٢١٧ی کۆچی و بە زمانی عەرەبی نووسراون و بریتین لەمانەی خوارەوە:

| ناوی دەستنووس | دانەر | ژمارەی لاپەڕە | ژمارەی دەستنووس |
|---|---|---|---|
| *الرسالة الحنفية في علم الآداب* | شەمسەدین حەنەفی تەبریزی | ١٦ لاپەڕە | ١٣٤٦/١ |
| *شرح آداب البحث* | عیسامەدین ئەسفەراینی | ٥٢ لاپەڕە | ١٣٤٦/٢ |
| *شرح آداب البحث العضدية* | ئەبولفەتح مەخدومی جورجانی | ٨٢ لاپەڕە | ١٣٤٦/٣ |
| *الدرة في المنطق* | محەمەد بن عەلی جورجانی | ٦ لاپەڕە | ١٣٤٦/٥ |
| *تحقيق الكليات* | قوتبەدین ڕازی | ٦ لاپەڕە | ١٣٤٦/٦ |

**خشتەی ژمارە (١) کۆمەڵە دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦ بە خەتی مەلا عیسا، پارێزراو لە کتێبخانەی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی تاران**

## گرنگیی ئەم کۆمەڵە دەستنووسە

ئەم کۆمەڵە دەستنووسە وەک کەشکۆڵێکە. هەرچەند وا دەردەکەوێت ئەم دەستنووسە تەنیا چەند نامیلکەیەکی عەرەبی بێت لەسەر زانستی لۆژیک، بەڵام بە تێپەڕین بە لاپەڕە سەرەتاییەکانیدا، زوو دەردەکەوێت کە بابەتانێکی گرنگ لە پەڕاوێزی ئەم دەستنووسانەدا تۆمار کراوە. ئەم کۆمەڵە دەستنووسە لە ڕاستیدا وەک کەشکۆڵێکی شیعریی کوردی، فارسی و عەرەبی وایە، بە دەگمەن لاپەڕەیەک لەم دەستنووسەدا دەبینرێت کە پارچەیەک یان چەند پارچە شیعری تێدا نەهاتبێ. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگترە شیعری شاعیرانی کوردە، کە بە بەراورد لەگەڵ شاعیرانی تر بە داخەوە زۆر کەمە، بۆ نموونە پارچە شیعرێکی کوردی لە شیخ محەمەد وەسیم، یەکێک لە مەلا ئەبوبەکری موسەننیف و پارچە شیعرێکی عەرەبی لە مەولانا خالید هاتووە، هەروەها بەشیک لە "المؤنثات السماعية"ی مەلا عەبدوڵڵا بێتۆشی لەم دەستنووسەدایە. سەبارەت بە شاعیرە غەیرە کوردەکان، نموونە شیعری کۆمەڵێکی فراوان لە شاعیرانی عەرەب و فارس بە تایبەت شاعیرە فارسەکان لەم دەستنووسەدا هاتووە. سەبارەت بە ئەو شاعیر و کەسایەتییانەی کە شیعرەکانیان لەم دەستنووسەدا هاتووە - ئەگەر بمانەوێت ناویان بهێنین - زۆرن، بۆ نموونە لە عەرەبەکان دەتوانین ئاماژە بدەین بە شیعری خولەفای ڕاشیدین و حەزرەتی فاتیمەی کچی پێغەمبەر دروودی خوایان لێ بێ تا دەگاتە ئیمامی شافعی، ئیبنی حەجەر و سەخاوی. شاعیرە فارسەکانی وەک ئەبو سەعید ئەبولخەیر، سەعدی شیرازی، شەمس تەوێزی، نیزامی، حافز شیرازی، خاقانی،کەلیم، عێراقی، مەولەوی ڕۆمی، خەییام و ئەوحەدی شیعریان لەم دەستنووسەدا هاتووە. لێرە دەرفەت بۆ وردبوونەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە نییە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ هەیە.

## ئەم کۆمەڵە دەستنووسە و ناوی کۆمەڵێک زانای نەناسراوی کورد

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەم کۆمەڵە دەستنووسە، باسکردنی ناوی ئەو زانا و کەسایەتییانەیە کە تا ئێستا نەناسراون یان زانیارییەکی ئەوەتۆ لەسەر ژیان و بەرهەمەکانیان نییە، بەڵام لە کاتی نووسینی ئەم کۆمەڵە دەستنووسەدا، ئەوان لەو زانایانە بوون کە مەلا عیسا هەندێ بابەتی لە کتێبەکانیانی نووسیوەتەوە یان بۆچوونی ئەوانی گێڕاوەتەوە، یان ئەوەی شاعیر بوون و مەلا عیسا شیعرەکانیانی نووسیوەتەوە. هەر لاپەڕەیەکی ئەم کۆمەڵە دەستنووسە پڕە لە ناوی زانایانی جۆراوجۆر، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگترە، ئەو کەسایەتیە کوردانەیە کە تا ئێستا نەناسراون یان کەم ناسراو ماونەتەوە و لێرەدا ناوەکانیان هاتووە.

مەلا عیسا لە پەڕاوێزی ئەم دەستنووسانەدا ئاماژەی بە ناوی هەندێک لە زانایانی ناوچەکە و کوردەواری کردووە کە بەتەواوی لەبیر کراون یان زانیاریی زۆر لەسەر ژیان و بەرهەمەکانیان نییە. ئەمەش دەکرێ وەک سەرەداوێک بۆ گەڕان بەدوای زانیاری سەبارەت بەم زانایانە و زیندوو کردنەوەی ناویان بێتە ئەژمار. ئەم تەوەرەش پێوستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و تێر و تەسەل هەیە. لێرەدا تەنیا ناوی ئەو کەسایەتییانەی دەهێنین کە نەناسراون و تا ڕادەیەک دڵنیام لەوەی کە کوردن یان بە ئەگەرێکی زۆرەوە کوردن. ئەوانەی وا بەناوبانگ نەبوون بریتین لەمانەی خوارەوە، (وەک ڕێنووسی دەستنووسەکە ناوەکانم نووسیوەتەوە).

تێبینی: دوو کەسایەتی ژمارە ۱۷ و ۱۸، دواتر نووسراون لە ساڵی ۱۳۳۸ک.م.

| ژمارە | ناوی زانا | ژمارە | ناوی زانا |
|---|---|---|---|
| ۱ | مولانا عیان الدین | ۱۰ | شیخ عبدالصمد بن شیخ علی آلکی |
| ۲ | ملا محمود بن مجید فاوجی | ۱۱ | خواجه محمد صادق (لەوانەیە خواجە سادقی ئەردەڵانی بێ!) |
| ۳ | یوسف زلانی | ۱۲ | شیخ اسعد کسنزانی |
| ٤ | محمود عبدالانی | ۱۳ | ملا علی تایجوزی |
| ٥ | عمر چلی | ١٤ | یوسف نفسودی |
| ٦ | ملا محمد باغی / ملا محمود باغی | ۱٥ | عبدالرحیم صوفی زاده |
| ۷ | رسول سورچی (لە لاپەڕەی ۱۰۹ی، بەرگی شەشی کتێبی بووژاندنەوە، ناوی هاتووە) | ١٦ | شیخ عبداللطیف زردی آبادی (مەدرەسەی هەبووە) |
| ۸ | قاسم الورکی | ۱۷ | فقیه محمد کورکوره (۱۳۳۸) |
| ۹ | ابراهیم آلانی | ۱۸ | ملا احمد پسر محی الدین |

**خشتەی ژمارە (۲) ئەو زانا کوردە نەناسراوانەی کە لە دەستنووسی ۱۳٤٦ نایان هاتووە**

لە لاپەڕەی ۳۲دا لەسەر شێخ ئەسعەد کەسنەزانی ئەمەی نووسیوە: "از شیخ اسعد کسنزانی شنیده ام" واتە لە شێخ ئەسعەد کەسنەزانیم بیستووە.

سەبارەت بە عەبدولڕەحیم سۆفیزادە، لە لاپەڕەی ۳۸دا نووسیویەتی: "نقلته من كتاب للبيع لمولى صوفي عبدالرحيم صوفي زاده". واتە: لە کتێبی (المبیع )ی عەبدولڕەحیم سۆفیزادە گێڕاومەتەوە.

سەبارەت بە مەحموود باغیش نووسیویەتی"صرت سائلاً محمود باغي". واتە: پرسیارم لە مەحموود باغی کرد

لە لاپەڕەی ۱۲دا لە پەراوێزدا نووسراوە کە "مقابله شد با حاشیه کتاب شیخ عبدالصمد بن شیخ علی آلکی" واتە لەگەڵ پەراوێزی کتێبەکەی شێخ عەبدولسەمەد کوڕی شێخ عەلی ئالکی بەراورد کرا.

### ۳-۱-۲- *إثبات الواجب*

ئەم دەستنووسە یەکێک لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی شێخ عەبدولقادری موهاجیری تەختەییە کە لەسەر ئیلاهیات و بیروباوەڕەکانە و بە خامەی ڕەنگینی مەلا عیسا نووسخەی لێ هەڵگیراوە. ئەم دەستنووسە لە ساڵی ۱۲۳۷ ی کۆچی و لە مزگەوتی عەلانیە (هەڵانی) لە جوانڕۆ نووسراوە. ژمارەی لاپەڕەکانی ٤ لاپەڕەیە و هیچ بابەتێکی دەرەکی گرنگ لە پەراوێزەکانیدا بوونی نیە تا ئاماژەی پێ بکرێ. ئەم دەستنووسەش هەر لە کتێبخانەی ناوەندی دائیرەتولمەعاریفی گەورەی ئیسلامی لە تاران بە ژمارە ۱٤۳۲/٦ بەردەستە.

### ۳-۱-۳- *الوضوح في شرح المحرر*

ئەم دەستنووسە یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆری [vi]لە بواری فیقهدا. مەلا عیسا چارەکی چوارەمی ئەم بەرهەمەی لە ساڵی ۱۲۲۸ نووسیوەتەوە. ژمارەی پەڕەکانی ۲۱٥ پەڕەیە و شوێنی هەڵگرتنی کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانییە. ژمارەی ئەم دەستنووسە لە کتێبخانەی ناوبراودا دەکاتە ٦٥/۷ت/۳۱۷۲. لەبەر ئەوەی دەستنووسەکانی ئەم کتێبخانەیە وێنە نەگیراون و سکان نەکراون، توانیم تەنها وێنەی کۆتا لاپەڕەکەی ئەوەش بە هاوکاری بەڕێز شێخ عوسمان ئیسماعیل محەمەدی هەشەزینی لێپرسراوی هۆبەی دەستنووسەکانی کتێبخانەی ناوبراو بەدەست بهێنم و بە وتەی بەڕێزیان، ئەم دەستنووسە هیچ پەراوێز و ناوەڕۆکی گرنگ و شایەن بە ئاماژەپێکردنی تێدا نییە.

### ٣-١-٤- *رفع الخطاء عن ذات الشفا*

ئەم بەرهەمە لەلایەن محەمەد بن حەسەن ئیبنولحاج دانراوە و بابەتەکەی مێژووی پێغەمبەرە. زمانی ئەم دەستنووسەش عەرەبیە و لە ساڵی ١٢٣٩ی کۆچی لە لایەن مەلا عیساوە لە مزگەوتی هەڵانی جوانرۆدا نووسراوە. ئەم دەستنووسە بە ژمارەی ١٦٧٨ لە کتێبخانەی عەللامە تەباتەبایی لە شاری شیراز دەپارێزرێ.

لە ڕووی گرنگییەوە ئەم دەستنووسە یەکێکە لەو دەستنووسە گرنگانەی کە مەلا عیسا نووسیویەتی. چونکە پڕە لە بابەتی جۆراوجۆر لە پەراوێزدا. لە خوارەوە باس لە هەندێک لە گرنگترین بابەتە پەراوێزییە گرنگەکانی ئەم دەستنووسە دەکرێت.

**تایبەتمەندییەکانی ئەم دەستنووسە:**

ئەم دەستنووسە یەکێک لەو دەستنووسە گرنگانەیە کە مەلا عیسا بە خەتی خۆی نووسیویەتی، وە لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە سەردەمی مامۆستایی و شارەزایی مەلا عیسا هەیە، کۆمەڵێک شیعری کوردی تێدایە کە لە بەشی شیعرەکاندا باسی دەکەین.

جگە لەوەش بابەتگەلێکی گرنگی تێدایە وەکوو بەرواری کۆچی دوایی مەلا عیسا کە پێشتر باسی لێوەکرا، و بابەتی مێژوویی و هتد. بۆ نموونە لە دوو لاپەڕەی یەک لە دوای یەکدا باسی ڕووداوی دەستبەسکردن و زیندانی کردنی عەبدوڵڵا بەگی جاف دەکات. وا دیارە ئەم ڕووداوە هێندە بەلای مەلا عیساوە بەئازار بووە کە لە ماوەی شەو و ڕۆژێدا، جارێک بە فارسی و جارێکیش بە عەرەبی هەمان ڕووداوی نووسیوەتەوە. یەکەمیان باسی ئەم ڕووداوەی بە فارسی کردووە و نووسیوویەتی:

"در وقت محبوسی عالی شأن عبدالله بیگ وکیل جوانرود و اتباعش به دست والی، اینجا را می نوشتم. در روز سه شنبه ٢٦ شهر رجب المرجب سنۀ ١٢٣٨ در سال حوت آبی در مسجد قلعه علانیه با چند فقهاء الحکم لله علی ماجری ومایجری"

واتە: لە کاتی زیندانیکردنی عەبدوڵڵا بەگی وەکیلی جوانرۆ و شوێنکەوتووانی لەلایەن والی، ئێرەم دەنووسی. ڕۆژی سێشەممە ٢٦ی مانگی ڕەجەبی، ساڵی ١٢٣٨، ... لە مزگەوتی قەڵای عەلانیە لەگەڵ هەندێک فەقێدا.

لە لاپەڕەی دواتردا، هەمان ڕووداوی بە عەرەبی گێڕاوەتەوە و دەڵێ:

"حین حبس الوکیل عبدالله بیک معَ أتباعِهِ بیَد الوالي أمان الله خان وتفویضِه زَجرهم وضَربِهِم وتَوبیخهم وتَجریمهم إلی إبنِهِ الحاکم لِمَحلِ الجوانرود محمد صادقخان في ألف ومائتین وثلاثین وثمانیة من هِجرة سیدنا للمصطفی صلی الله علیه وسَلَمَ"

واتە:

کاتێک عەبدوڵڵا بەگی وەکیل لەگەڵ شوێنکەوتووانیدا لەلایەن ئەمانوڵڵاخانی والییەوە لە بەندیخانە کران. سزا و لێدان و تانە و تاوانبار کردنیانی بە کوڕەکەی خۆی محەمەد سادقخانی حاکمی جوانرۆ سپارد. لە ساڵی ١٢٣٨ی کۆچی.

جگە لەم دەستنووسانەی سەرەوە، لە دووتوێی چەن دەستنووسێکی مەلا موسای برایدا، هەندێک بابەتی وەک یادگاری نووسیوە کە شتێکی وای تێدا نییە کە لێرە باسی بکرێت. بۆ نموونە لە کۆمەڵە دەستنووسی ژمارە ١٤٤٨ پارێزراو لە کتێبخانەی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی تاران چەن خەتێکی بە یادگاری بۆ مەلا مووسا نووسیوە.

### ٣-٢- مەلا عیسا و شیعر

وەک لە بەشی پێشەکیدا باس کرا، مەلا عیسا لە گەڵ مەولەوی شیعر گۆڕینەوەیان هەبووە، لەسەرچاوەکان تەنیا تاکە شیعرێک بە ناوی "ڕۆلە بزانی" لە مەلا عیسا باس کراوە کە بۆ مەولەوی نووسیوە.

چیرۆکەکەیشی ئەوەیە کە مەلا عیسا بە هۆی مردنی هاوسەرەکەیەوە یان هەر هۆکارێکی تر کە بۆ ئێمە دیار نییە، دەیهەوێت کچێک بخوازێت و ئەویش لە مەولەوی کە پێشتر خوێندکاری خۆی بووە، داوا دەکات لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کچە بکات. مەلا عیسا داواکارییەی خۆی بە شێوەی پارچە شیعرێک بۆ مەولەوی دەنووسێت. مەولەویش کە بۆ خۆی مامۆستای شیعرە، وڵامی مەلا عیسا بە زمانی شیعر دەداتەوە. ئەمە شیعرەکەی مەلا عیسایە:

رۆڵە بزانە، رۆڵە بزانە		ئەحواڵ یارۆ پەرێم بزانە
هەم جە خوێشانش هەم جە بێگانە		پەرسە بزانە ئەو جە کامانە
خاسیش، خرابیش، ئەتوارش، کالاش		پەستی قامەتش بولەندی بالاش
ئەحواڵش تەحقیق پەرێم بکیانە		مەکەرە درۆ ماوەر ویانە
خاس جە لات خاس بۆ خراب خراب بۆ		تا واتەت مەقبوول (اولوالالباب) بۆ
با کەس نەزانۆ بە گفتوگومان		نەشۆ بە عەبەس گشت ئابڕوومان
هەرکەس عاقڵەن ئیشارەش وەسەن		چەنی جاهێلان واتە عەبەسەن
ئەگەرعاقڵی ئایەت ببینە		(الطیبات للطیبین)

ئەمەی خوارەوەش وڵامەکەی مەولەوییە

چوون بەندە بەو بەند ئیخلاسی بەندەن		هەرپاسە بەندەن تا حەیات مەندەن
مشیۆ تۆ جە ڕووی، بەندە پەروەری		هەرچێو عەرز کەروو، باوەڕ بکەری
جەریدەی هەواڵ، گرد بە وێم وانان		خاسی و خرابی ، یارۆیچم زانان
عەفیفەی بیعەیب، خاڵیەن جە شەین		ئۆجاخزادەی خاس، نەجیب تەرەفەین
ئادابش زەریف خولقش چوون حوورەن		بالاش میانەی (خیرالامور)ەن
بەڵێ واتەی من پووچ و عەبەسەن		گردین درۆ بۆ (سەیێدی)ش وەسەن
وەلحاسڵ هەنی، بیدرۆ و ڕاسەن		یارۆ پەی یارۆ، پەی یاری خاسەن
ئەر هەنت باوەڕ، هەرچیم وات گشتەن		وەرنە ها بەندەت، جە مزگی نیشتەن

جگە لەم پارچە شیعرەی سەرەوە، تا ئێستا هیچ شیعرێکی تری مەلا عیسا لە هیچ سەرچاوەیەکدا باسی لێنەکراوە. بە وردبوونەوە لە پەراوێزی دەستنووسەکانی مەلا عیسادا، بەتایبەت دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦، شیعری جۆراوجۆر بە سێ زمانی کوردی، فارسی و عەرەبی دێتە بەرچاو. لە سەرەتا یان کۆتایی هەندێک لەو شیعرانەدا ئاماژە بە شاعیرەکەی دراوە. هەندێکیشیان شیعرانێکی بەناوبانگن کە شاعیرەکانیان دەناسرێنەوە، بەڵام کەم نیین ژمارەی ئەو شیعرانەی کە لە پەراوێزی دەستنووسەکانی مەلا عیسا هاتوون و شاعیرەکانیان دیاری نەکراون. دیارە ناتوانین بە بێ بەڵگە ئەم شیعرانە بدەینە پاڵی مەلا عیسا، بەڵام لە سەرەتای چەند شیعری کورتدا، نووسیویەتی "لِراقِمِهِ" ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەوە شیعری مەلا عیسایە. ئەم شیعرانە بەهێز نین. چونکە ئەم دەستنووسەی مەلا عیسا لەسەردەمی فقێیەتی خۆیدا نووسیویەتی. مەلا عیسا دوو پارچە شیعری فارسی لە شێوەی پاڕانەوە و دوعا هۆنیوەتەوە و پێغەمبەری کردووەتە تکاکار یارمەتی بدات لە خوێندنی کتێبەکانی. ئەم دوو پارچە شیعرە ئەمانەن:

ارجوم هست ای رسول امین		که جنابت نزد حق یقین
طلب استعانه بهر		میر ابوالفتح خواندن مسکین

لراقمه

امیدم من بە ختم المرسلین است    رسول شفیع آخرین و اولین است
رود دوباره هم اندر مناجات    کند بهر حقیر خویش حاجات
و بە توفیق خواندن بر امیرم    شود درس آسان برضمیرم
چرا ایما و رمزش هست شافی    مرا علم آداب است کافی

لە لاپەڕەی ٦١ یش ئەم پارچەی شیعرە فارسییەی مەلا عیسا هاتووە:

لراقمه

یارب آن روز این تن پر عصیانم    ریزە ریزە ز میان لحد ظلمانی
لطف بفرما بە کرم بر من مذنب بنگر    جای ظلمانی ما را بنما نورانی

ئەو شیعرانەی سەرەوەی مەلا عیسا زۆر بە هێز نین، چوونکە لە ئاستی فەقێیەکی تازەکارە کە بەپێی تەمەنی خۆی و جیهانبینی خۆی نووسیویەتی. هەرچەندە ئەم چەند دێڕەی شیعرە گرنگییەکی ڕەوانبێژی و جوانیناسییان نییە، بەڵام ئەوە دەردەخات کە مەلا عیسا هەر لە منداڵییەوە مەیلی شیعروتنی هەبووە و لەگەڵ زیادبوونی تەمەن و زانستەکەیدا هێزی شیعریشی زیادی کردووە. لە دەستنووسەکەی ژمارە ١٦٧٨دا کە پەیوەندی بە سەردەمی مامۆستایی و خاوەن ئەزموونیی مەلا عیسا هەیە شیعرەکان پاراوترن. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ١٦٦ی ئەم دەستنووسەدا، مەلا عیسا بەیتێکی حافزی شیرازی نووسیوە، بەیتی دووەم بە ئەگەرێکی زۆرەوە شیعری خۆیەتی چوونکە لە دیوانەکەی حافزدا نییە، هەروەها جۆری وشەکانیش لە شێوازی شیعر وتنەوەی حافزەوە نزیک نیەن و لەبەر ئەوەی ناوی عیسا لە بەیتی ئاماژەپێکراودا هاتووە، دەتوانرێت ئەم تاکە بەیتە بە شیعری مەلا عیسا دەستنیشان بکرێت. دوو بەیتەکە ئەمەیە:

از این رباط دودر، چون ضرورت است رَحیل    رِواق طاقِ معیشت، چو سربلند و چو پست
تو عیسی غم دنیای دون مخور هرگز    چِرا کە دنَیا و مافیها فناست هرچە هست

بەیتی یەکەم شیعری حافزی شیرازییە و ئەم بەیتە لە چامەی ژمارە ٢٥ی دیوانەکەیدا هاتووە. بەیتی دووەم ئەو شیعرەیە کە دەتوانرێت بدرێتەپاڵ مەلا عیسا.

بە پێی دەستنووسەکانی، مەلا عیسا لەسەردەمی فەقێیەتی سەرەتا بە شیعری فارسی دەستی بە شیعر وتنەوە کردووە، بەڵام لە دەستنووسی ژمارە ١٦٧٨ کە وەک ئاماژەم پێدا، دواتر لە کاتی مامۆستایەتی لە مزگەوتی هەڵانی نووسیویەتی، چەن شیعرێکی کوردی هەیە کە دەتوانین بیدەینە پاڵ مەلا عیسا. بۆ نموونە لە دووپەڕە ماوە بە کۆتایی ئەو دەستنووسە ئەم پارچە شیعرەی لە پەراوێزدا نووسیوە:

### تەماشای کێتاب

تەماشای کێتاب، تەماشای کێتاب    کەیفی مەکەری تەماشای کێتاب
بە عەشق غەفوور غەففار وەهاب    جە مێعراج چەنی حەبیب کەرد خێتاب
باوەر نە خەیاڵ چوون وەفاداران    مەکەرە زایێع تەسدیع یاران
من گونام فرێن دوعا کەر پەرێم    بەڵکە ساحێب ڕەحم ڕەحمێ کەرۆ لێم
بە ئەلتاف وێش بەهەشت بدۆ پێم    چوون گوناکاران دۆزەخ نەبۆ جێم
تەسدیعم کێشا نویسام کێتاب    چوون گوناکاران دۆزەخ نەبۆ جێم
نەکەرۆ زایێع جەفابەردەنم    بەخشۆ هەر گونا ها نە گەردەنم
حەبیب یەزدان خەتم پێغەمبەر    شەفاعەتخوام بۆ جە (یوم المحشر)

جگە لەمەش لە هەمان دەستنووس چەند تاکە بەیت شیعری کوردی هەیە دەکرێت بە شیعری مەلا عیسای بزانین، کە لە خوارەوە دێت. لە لاپەڕەی ٥٧ ی دەستنووسەکەدا ئەم تاکە بەیتەی نووسیوە

یا عیسای عاسی بەخێر دوعاکەر بەل خەلاسیش بۆ جە یوم المحشر

لە لاپەڕەی ١٦٧ی دەستنووسی ژمارە ١٦٧٨ ئەم دێڕە شیعرە کوردییە هەیە کە ڕەنگە لە شیعرەکانی مەلا عیسا بێت.

ڕووسیا و عاسی خەجاڵەت بارم بە دووعای یاران ئومێدەوارم

دوو تاکە بەیت شیعری کوردی لە دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦ لە مەلا عیسا بە یادگار ماوە، کە توانای ناوبراو لە هۆنینەوەی شیعر پیشان دەدات. یەکێک لەوانە کە لە لاپەڕەی ٤٩ی ئەم دەستنووسەدا هاتووە لە ڕووی فۆرم و شێوە و ناوەڕۆکەوە زۆر بەهێزە، و هەر کەسێکی شیعر و ئەدەب دۆست بیخوێنێتەوە سەرسام دەبێت پێی. ئەوەش ئەو دێڕەشیعرەیە:

هیجرانت چون باد پێش ڕەوێ واران مەشانۆم چون دار بەرزە دیاران

ئەوەیتر کە لە لاپەڕەی ٣٨ی هەمان دەستنووسدا هاتووە، بە شێوەی خوارەوەیە:

حەیران مەند شیرین جەمین سپی لاڵ خەیاڵێو هەنی ئاوەرد نە خەیاڵ

## ٤. ئەنجام

دەستنووسەکان و بە تایبەت ئەو بابەتە دەرەکییانەی کە لە پەراوێزیاندا نووسراو، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی زانایانی ڕابردوو چونکە زانیاری گرنگ و جۆراوجۆر لەخۆدەگرن. بە پشتبەستن بەم سەرچاوانە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا توانیمان کۆمەڵێک زانیاری گرنگ لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مەلا عیسا جوانڕۆیی بخەینەڕوو و بەم شێوەیەش توانیمان زیاتر بیناسین. گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەن:

سەبارەت بە ژیانی، مەلا عیسا کوڕی مەلا عەبدوڵڵا، کۆڕی مەلا محەمەدساڵح، کوڕی مەلا مستەفا، کوڕی مەلاحسەین لە بنەماڵەی سدیقی کلاشیە، ئەم بنەماڵەیەش نەسەبیان دەگەڕێتەوە سەر حەزرەتی ئەبوبەکری سدیق، لە کۆتایی سەدەی دوازدە و سەرەتای سەدەی سێزدە لە جوانڕۆ لەدایک بووە. لە جوانڕۆ لە خزمەت مەلا عەبدوڵڵای باوکی -کە یەکێک بووە لە زانایانی گەورەی سەردەمی خۆی - دەستی بە خوێندن کردووە، دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن بەرەو ناوچەکانی تری کوردستان بەڕێکەوتووە. لە سنە و سلێمانی و هەروەها لە هەڵەبجە لە مەدرەسەی شێخ عەبدوڵڵا خەرپانی -کە ئەوکات یەکێک لە ناوەندە زانستییەکانی ناوچەکە بووە - خوێندوویەتی. دواتر گەڕاوەتەوە بۆ جوانڕۆ و تا دوا ساتەکانی ژیانی لە مزگەوت و مەدرەسەی هەڵانی جوانڕۆ خەریکی وانەوتنەوە بوو. مەلا عیسا کەسێکی زۆر وردبین بووە و بە بێ بنەما قسەی نەکردووە، تەنانەت کاتێک کتێبێکی خوێندووەتەوە یەکسەر هەموو بابەتەکانی قبوڵ نەکردووە و گومانی خستوەتەر سەر هەر بابەتێک کە بەڕای ئەو ڕەنگە هەڵە بێت. یان لە کاتی نووسخە هەڵگرتن لە کتێبێک، متمانەی تەنیا بە ئەو دەستنووسەی کە لە ڕووی نووساوە نەکردووە، بەڵکوو لەگەڵ چەن دەستنووسی تردا بەراورد و موقابەلەی کردووە، بۆ ئەوەی هەڵەی تێدا نەبێ. ئەمەش وایکردووە کە بەردەوام سەرقاڵی خوێندنی کتێب بێ و لە هەندێ زانستدا وەک لۆژیک خاوەن ڕا و بۆچوون بێت. جگە لەمانەش پیاوێکی لەخوا ترس و زۆر پابەند بە ئەنجامدانی ئەرکە شەرعییەکان بووە. زۆر خولیای زێد و مەڵبەندی خۆی بووە بە چەشنێک کە تەنانەت لە سنە و سلێمانیش هەستی بە غەریبی و نامۆیی کردووە. مەولەوی تاوگۆزی ماوەیەک لای مەلا عیسا خوێندوویەتی.

سەبارەت بە بەرهەمەکانی، مەلا عیسا توانایەکی باشی لە شیعروتن هەبووە، لەگەڵ مەولەوی شیعر گۆڕینەوەیان بووە. شیعری بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی هۆنیوەتەوە. زۆربەی شیعرەکانی لەناوچوون. هەرچەندە هیچ بەرهەمێکی دانراوی خۆی نییە، یان باشترە بڵێین فەوتاوە، بەڵام بە گشتی حەوت دەستنووس بە خەتی مەلا عیسا بە یادگار بەجێ ماوە. لە کۆی ئەم حەوت دەستنووسە چوار دەستنووس لە کۆمەڵە دەستنووسێک بە ژمارەی ١٣٤٦ لە کتێبخانەی ناوەندی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی لە شاری تاران دەپارێزرێ. هەروەها کورتە ڕیسالەیەک بە ناوی *اثبات الواجب*"ی شێخ عەبدولقادر موهاجیر" بە خەتی مەلا عیساوە نووسخەی لێ هەڵگیراوە و ئێستاش لە هەمان کتێبخانە بە ژمارە ١٤٣٢/٦ دەپارێزرێ. جگە لەو دەستنووسانەی کە ئاماژەیان پێکرا، کتێبی (*رفع الخطاء عن ذات الشفا*)ی ئیبنولحاجی نووسیوەتەوە، کە لە کتێبخانەی تەباتەبایی شیراز بە ژمارەی ١٦٧٨ هەڵگیراوە. مەلا عیسا نووسخەیەکی لە کتێبی *الوضوح في شرح المحرر*"ی مەلا ئەبوبەکری موسەنیفی چۆڕی هەڵگرتووە کە لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی بە ژمارە ٦٥/٧ت/٣١٧٢ دەپارێزرێ. سەرەنجام پاش تەمەنێک وانەوتنەوە و خزمەتکردنی خەڵکی ناوچەکە، مەلا عیسا لە ١١ی مانگی موحەڕڕەمی ساڵی ١٢٦٧ی ک.م کۆچی دوایی کردووە.

**سوپاسنامە**

لە کۆتاییدا وێڕای سوپاس و پێزانینی هەموو ئەو کەسانەی کە لەم توێژینەوەیەدا یارمەتیان داوم بە تایبەت بەڕێزان جەبار میرانی، عەبدووڵڵای حەبیبی، عوسمان ئیسماعیل هەشەزینی، هیوادارم ئەم توێژینەوەیە ببێتە بنەمای لێکۆڵینەوەی زیاتر لەسەر مەلا عیسا و بتوانێت سەرەداوانێک بداتە دەستی توێژەران بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەر ئەم کەسایەتیە بکەن.

**پەراوێزەکان**

١- **بنەماڵەی سدیقی:** یەکێکە لە بنەماڵە زانستییەکانی ناوچەی جوانڕۆ. ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر حەزرەتی ئەبوبەکری سدیق، هەر لەبەر ئەم هۆکارە بە سدیقی ناسراون و لەبەر ئەوەی چەندین پشت زانای ئایینی بوون، بە مەلاییش ناسراون. ئێستا نەوەکانی ئەم بنەماڵە زانستییە لە جوانڕۆ، سەلاسی باباجانی و سەرپێڵی زەهاو و شوێنەکانی تر دەژین.

٢- **مەلا مووسا کڵاشی:** برای مەلا عیسایە و بە پێی دەستنووسەکان بە بەراورد لەگەڵ براکانی تری زۆرترین پەیوەندی و تێکەڵی لەگەڵ مەلا عیسادا هەبووە. تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکی چاپکراودا ناوی نەهاتووە. لەبەر ئەوەی کە نووسەری ئەم وتارە خەریکی پرۆژەیەک بەناوی مێژووی زانایانی جوانڕۆیە، هەر بۆیە زانیاری باشی لەسەری کۆکردۆتەوە، بەتایبەت کۆمەڵێک دەستنووسی ناوازە کە بە خەتی مەلا مووسا نووسراون. لە سەر ژیان و بەرهەمی مەلا مووسا توێژینەوەیەکی ئەنجام داوە و بە تەمایە لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاوی بکاتەوە.

٣- مەدرەسەی شێخ عەبدوڵڵا خەرپانی لە سەردەمی مەلا عیسادا یەکێک بووە لە قوتابخانە گرنگەکانی فێرکردنی زانستە ئاینییەکان. مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس لە کتێبی (بنەماڵەی زانیاران)دا دەربارەی شێخ عەبدوڵڵا و قوتابخانەکەی دەنووسێت: لەبەر ئەوە زانایەکی گەورە و بەڕێز بوو و تەدریسێکی باشی کردووە قوتابی لە هەموو لایەکەوە لێی گرد بوونەتەوە. هەر لەو کتێبەدا باس لەوە دەکات کە شێخ عەبدوڵڵا زستانەکانی لە هەڵەبجە بەسەر دەبات و لەوێ وانە دەڵێتەوە، هەر بۆیە مەلا عیسا نووسیویەتی لە لای شێخ عەبدوڵڵا لە هەڵەبجە بووە. مەلا عەبدولکەریم لە هەمان کتێبدا نووسیویەتی، هەرکەسێ لە هەر لایەکەوە ویستبێتی خوێندنێکی شیاوی باش بخوێنێت، ڕۆیشتووە بۆ خزمەت سێ زانا، یەکێک لەو سێ زانایە شێخ عەبدوڵڵا خەرپانی بووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە کتێبی *بنەماڵەی زانیاران*، لاپەڕە ١٤٤.

٤- **مەلا محەمەدی قازی جوانڕۆیی:** مەلا محەمەدکوڕی مەلا مەحمودی چلەکێش، لە نەوەی مەلا مستەفای بێسارانییە، ساڵی ١٢١٠ی کۆچی لە هەڵانی جوانڕۆ لەدایک بووە. لە خزمەت باوکی و زانایانی تردا خوێندوویەتی و بەبێ ئاگاداری بنەماڵەکەی گەشتێکی بۆ وڵاتانی عەرەبی کردووە بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی. مەلا عەبدولقادر کە برا گەورەی مەلا محەمەد بووە، ئەوی بە محەمەد خانی حاکمی ئەوکاتی جوانڕۆ و ئەمانوڵڵا خانی والی کوردستانی ناساندووە و لە ئەنجامدا بۆ پۆستی دادوەر (قازی) بۆ بلۆکی جوانڕۆ هەڵبژێردراوە، جگە لەوەش لە قوتابخانەی جوانڕۆ سەرقاڵی فێرکردنی زانستە ئایینییەکان بووە، و خوێندکارانێکی وەک مەولەوی هەبووە. لە ساڵی ١٢٩٠ ک. م کۆچی دوایی کردووە. خەتێکی

جوانی هەبووە و جگە لە دانانی چەن کتێب کە بەداخەوە زۆربەیان تیاچووون، لانیکەم دوو جار قورئانی بە خەتی خۆی نوسیووە و لە زانستەکانی تردا چەن دەستنووسێکی لێ بە جێ ماوە. بۆ زانیاری زیاتر سەرنج بدەنە پێشەکی کتێبی "*تاریخچه جوانرود*" کە مەلا ئەحمەد فەخری نەوەی مەلا محەمەد قازی بۆ ئەم کتێبەی نووسیوە.

۵- **مزگەوتی عەلانیە:** عەلانیە یا هەڵانی لە ئێستادا ناوی یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری جوانڕۆیە. خاوەن مێژوویەکی دێرینەیە. پێشتر بە شێوەی ئالانی و عەلانیش ناوی لێ براوە. لەسەدەکانی دوازدە و سێزدەی کۆچی مزگەوتی عەلانیە شوێنی خوێندنی فەقێکان بووە و دەنگ و ناوێکی باشی هەبووە. هەر ئەوە بووە کە کەسایەتییەکی وەک مەولەوی ئەو شوێنەی بۆ خوێندن هەڵبژاردووە و لە لای دوو مامۆستای گەورەی ئەو سەردەمەی جوانڕۆ، مەلا عیسا کڵاشی و مەلا محەمەدی قازی خوێندوویەتی. مامۆستایانی ئەم مەدرەسەیە، زۆربەیان لە دوو گەورە بنەماڵەی زانستی سدیقی کڵاشی - کە لە سەرەوە باسی کرا - و بنەماڵەی قازی بوون کە لە وەچەی مەلا مستەفای بێسارانین.

٦- **مێینگەی چمه نسار و زلان:** چەمەنسار و زلان ناوی دو گوندی سەربە شاری جوانڕۆن، ئێستاش بە چەمەنزار و زلان ناو دەبرێن. مێینگە ناوی هەوارگەیەکە لە نزیک گوندی چەمەنزار، بە وتەی دانیشتووانی ئەم گوندە، هۆکاری ناونانی ئەم شوێنە ئەوەیە کە پێشتر شوێنێ مۆڵی مێ واتە مەڕ بووە، هەر بۆیە بە مێینگە ناوی دەرکردووە. مێ بە زاراوەی جافی بە مەڕ دەڵێن.

۷- **شێخ عەبدولقادر موهاجیر:** شێخ عەبدوڵقادر موهاجیر، کوڕی شێخ محەمەد سەعیدی تەختی مەردووخی ساڵی ۱۲۱۱ ک. م. لە دایک بووە و کە باڵی داوە، خوێندنی دەسپیکردووە و لە خزمەتی بابی زانا و مامۆستایانی تردا، ساڵانێکی زۆر خوێندوویە، تا تەواو پێگەیشتووە و ئیجازەی وەرگرتووە. دوای کۆچی دوایی باوکی جێی باوکی گرتۆتەوە و لە قوتابخانەی دارولئیحسان لە شاری سنە وانەبێژ بووە. شارەزا بوو لە قسە و فەلسەفە و حیکمەتدا. لە کۆتایی ساڵی ۱۲۷۱ی زایینی لە شاری سنە کۆچ دەکات بۆ شاری سلێمانی و لە لایەن جەماوەری گشتییەوە پێشوازی لێکراوە. لەوێ سەرقاڵی وانەوتنەوە و نووسین و لێکۆڵینەوە بووە. لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیوان بەخاک سپێردراوە. "تقریب المرام" لە شەرحی "تهذیب الکلام"ی تەفتازانی؛ پەراوێز لە سەر شەرحی عقائد عضدیة، شرح رسالة الزوراء، "*کشف الغطاء*" لەمەڕ زات و سیفاتی خوای تواناوە، پەراوێز بۆ تەعلیقاتی لاری بەشێکن لە بەرهەمەکانی. بۆ زانیاری زیار سەرنج بدە، *مێژووی ناودارانی کورد* لاپەڕەی ۴۷۹.

۸- **مەلا ئەبوبەکری موسەننیف:** مەلا ئەبوبەکر ناوی حەسەنە و کونیەی ئەبوبەکرە و لە ناو خەڵکیشدا لەبەر زۆریی دانراوەکانی بە "مصنف" ناوبانگی دەرکردووە. کوڕی مەلا یوسف جان، کوڕی مەلا یەعقووب جان لە ڕشتەی سەییدەکانی پیرخزرییە. لەدەوروبەری ساڵی ۹۴۰ی کۆچیدا لە دایک بووە و لە ساڵی ۱۰۱٤دا لە دێی چۆڕ کۆچی دوایی کردووە. ریاض الخلود، سراج الطریق، آفتاب عالم، الوضوح، بەشێکن لە بەرهەمەکانی ئەم زانایە. بۆ زانیاری زیاتر سەرنج بدە لاپەڕەی ۳۸۰ی کتێبی *بنەماڵەی زانیاران*.

۹- **ئیبنولحاج:** ناوی مەلا محەمەد کوڕی حاجی حەسەنە، هەر بۆیە بە ئیبنولحاج واتە کوڕی حاجی بە ناو بانگە. لە گوندی سنجەوی سەردەشت لە دایک بووە، بەداخەوە ئەم زانا بەرزە ناونیشانێک لەسەردەمی ژیانییەوە نییە. ئەوەندە هەیە کە ئەم زانایە مامۆستای مەلا عەبدوڵلای بێتووشی و شێخ مارفی نۆدی بووە. نزیک بە ۸۰ ساڵ ژیاوە و تا ساڵی ۱۱۹۹ لە ژیاندا بووە. بەرهەمێکی زۆری بووە لە زمانی عەرەبیدا، ئەوەی لە کوردیدا مابووبێتەوە و بەردەست کەوتبێ مەهدینامەکەیەتی. ایقاد الضرام علی من لم یوقع طلاق العوام، محاسن الغرر، رفع الخفا عن ذات الشفاء، بەشێکن لە بەرهەمەکانی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی *دەقەکانی ئەدەبی کوردی* لاپەڕەی ۷۷ و کتێبی *مێژووی زانایانی کورد*.

## سەرچاوەکان:

### فارسی


حافظ، شمس الدین محمد (۱۳۹۱). *دیوان حافظ شیرازی*، تهران، انتشارات پیام عدالت، چاپ دوم.

حسین زاده، محمد (۱۳۷۷). *تاریخچه جوانرود*، کرمانشاه، انتشارات طاق بستان، چاپ اول.

سلطانی، محمدعلی(۱۳۷٤). *تاریخ تسنن در کرمانشاه*، تهران، نشر سها.

-، -، *حدیقه سلطانی* (۱۳٦۹). جلد دوم، ارومیه، انتشارات صلاح الدین ایوبی، چاپ اول.

میراحمدی، فریدون (۱۳۸۹). *جوانرود در گذر تاریخ*، سنندج، نشر سنندج.


### کوردی


ڕۆحانی، باباشێخی مەردۆخ (۱۳۸۹). *مێژووی ناودارانی کورد*، وەرگێڕ، مەردۆخی ڕۆحانی، ماجد، بەرگی یەکەم، بڵاوگەی سنە، چاپی یەکەم.

سەججادی، عەلائەددین (۱۳۹۳). *دەقەکانی ئەدەبی کوردی*، سنە، بڵاوکردنەوەی کوردستان، چاپی یەکەم.

قەرەداغی، محەممەدعەلی (۲۰۰٤). *بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگای دەستخەتەکانیانەوە*، بەرگی شەشەم، هەولێر، بڵاوگەی ئاراس، چاپی یەکەم.

مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم (۱۳۸۹). *بنەماڵەی زانیاران*، تاران، بڵاوگەی ئانا.

مەولەوی تاوگۆزی، عەبدوڕەحیم (۱۳۸٦). *دیوانی مەولەوی کورد*، ئامادەکردنی: مودەڕیس، عەبدولکەریم، سنە، بڵاوگەی کوردستان، چاپی چوارەم.


### دەستنووس


ابن الحاج، محمد بن حسن. *رفع الخفا عن ذات الشفا فی سیرة المصطفی*، کتابخانه علامه طباطبایی شیراز، کاتب: عیسی بن عبدالله، ۱۲۳۹ ه.ق، شماره ۱٦۷۸.

تختی سنندجی، عبدالقادر بن محمد سعید، *اثبات الواجب*، کتابخانه دائرة المعارف بزرگ اسلامی، کاتب: عیسی بن عبدالله، ۱۲۳۷ ه.ق، شماره **۱٤۳۲/۳**

جرجانی، ابوالفتح بن مخدوم، *شرح آداب البحث العضدیة*، کتابخانه دائرة المعارف بزرگ اسلامی، کاتب: عیسی بن عبدالله بن محمد صالح بن مصطفی، شماره **۱۳٤٦/٦**

جرجانی، محمد بن علی، *الدرة فی المنطق*، کتابخانه دائرة المعارف بزرگ اسلامی، کاتب: عیسی بن عبدالله، شماره **۱۳٤٦/٥**

حنفی تبریزی، شمس الدین محمد. *رسالة الحنفیة فی علم الآداب*، کتابخانه دائرة المعارف بزرگ اسلامی، کاتب: عیسی بن مولانا عبدالله، ۱۲۱۷ ه. ق، شماره **۱۳٤٦/۱**

شهرزوری، حسن بن هدایة الله، *الوضوح فی شرح المحرر*، مکتبة الاوقاف المرکزیة بسلیمانیة، الناسخ: عیسی بن ملا عبدالله بن ملا محمد صالح بن ملا مصطفی بن ملا حسین بن ملا موسی بن ملا نصرالله، ۱۲۲۸، رقم ٦٥/۷ت/۳۱۷۲.

صفدی، محمد بن عبدالرحمن، *رحمة الامة فی اختلاف الائمة*، کتابخانه مرکز مطالعات و تحقیقات اسلامی، کاتب: موسی بن عبدالله بن محمد صالح بن مصطفی الکلاشی، ۱۲٦۰ ه.ق، شماره ۷٥٥.

عصام الدین اسفراینی ، ابراهیم بن محمد، *شرح آداب البحث*، کتابخانه دائرة المعارف بزرگ اسلامی، کاتب: عیسی بن مولانا عبدالله بن مولانا صالح بن مصطفی، ۱۲۱۷ ه.ق، شماره **۱۳٤٦/۲**

قطب الدین رازی، محمد بن محمد، *تحقیق الکلیات*، کتابخانه دائرة المعارف بزرگ اسلامی، کاتب: عیسی بن عبدالله، ۱۲۱۷ ه.ق، شماره **۱۳٤٦/٦**



قد وقع الفراغ من تحرير الربع الثاني من الشرح المسمى بالوضوح الواقع على متن المحرر المؤلف لسيد حسن بن هداية الله بعد
ظهر يوم الجمعة الواقع رابعا من الخمسة المسترقة بعناية الله تعالى وحسن توفيقه في السنة الثامنة من العشر الثالث من المائة الثالثة
بعد الالف اي في سنة الف ومائتين وثمانية وعشرين من الهجرة النبوية المصطفوية صلى الله تعالى عليه وعلى آله بعدد ما كتب في كتب
من اول الدنيا الى آخرها بحسب الجمل الكبير والصغير في كل لحظة الف الف مرة على يد الحقير الفقير المحتاج الى رحمة الله تعالى عيسى بن ملا عبد الله بن
ملا محمد صالح بن ملا مصطفى بن ملا حسين بن ملا موسى بن ملا نصر الله المنسوب الى ابي بكر الصديق رضي الله تعالى عنه وعنهم بشرفه اللهم
اجعل كتابة هذا الشرح خالصا لوجهك وذريعة للآخرة بشرف سيد الاولين والآخرين وبرحمتك يا ارحم الراحمين والحمد لله رب العالمين
اللهم لك الحمد كما انت اهله وصل على محمد كما انت اهله وافعل بنا ما انت اهله انك اهل التقوى واهل المغفرة

دەستنووسی ژمارە ٧/٦٥ت/٣١٧٢ پارێزراو لە کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی



دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦/٥پارێزراو لە کتێبخانەی ناوەندی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی لە تاران


اجمعين ثم انّي اجزت لاولادي واقاربي واحبائي وتلامذتي ولاهل بلدي واقليمي بل لمن
ادرك حياتي من المسلمين على مذهب من يرى ذلك من ائمة الحديث في القديم
والحديث رواية ما ذكرته في هذا الشرح ... نفعا للعامة واوصي كل من يتاهل
من الناظرين فيه ان يسامحني فيما زل به القدم او طغى فيه القلم وان يقيم عذري
بالانتصار اذ لم اسبق اليه في الابتكار وهذه النسخة المسودة ثبت عليها
النظر فابو ... تكتب وتشتهر ولكن لا اجيز احدا يكتب منها نسخة الا ان
يصححها ويقابلها باصلها ... انما يعتريه النساخ حتى يصير الى المسخ
والانفساخ فمن بدله بعدما سمعه فانما اثمه على الذين يبدلونه والسلام على
من اتبع الهدى وعليكم بالنصح

الحمد لله خالق جميع الاشياء والصلوة والسلام على رسوله خير الورى وعلى آله واصحابه
التابعين له في الهدى ... لاتمام تحرير شرح ذات الشفاء
مع الاشتغال بدرس الفقهاء عيسى العاصي القاضي ابن عبد الله رحمهما الله تعالى في الدنيا والعقبى
... في مسجد العلائية في سنة الف ومائتين وتسع وثلثين من هجرة سيد المرسلين
عليه الصلوة والسلام الى يوم الدين

دەستنووسی ژمارە ١٦٧٨ پارێزراو لە کتێبخانەی تەباتەبایی شیراز



دەستنووسی ژمارە ١٣٤٦/٢ پارێزراو لە کتێبخانەی ناوەندی دائیرەتولمەعارفی گەورەی ئیسلامی لە تاران